## بەشداری ڕێبەرایەتی سازمانی خەبات لە پرسەو ماتەمگێری ماتەمگێڕی کاك عوسمانی ڕەحیمی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٦ی کۆچی خۆری کۆڕێکی ماتەم گێڕی بۆ کـاك عوسمـان ڕەحیمـی، ئەنـدامی ڕێبەرایـەتی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە بنکـەی حیزبی دیموکرات لە کۆیە بەڕێوە چوو.
کاك بابەشـێخ حـسینی سـکرتێری گـشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێـران بـە هاوڕێیـەتی بهـروز ئـەردەڵان، ئەنـدامی کومیتەی ناوەندی و کاك عـەلی بـەهرامی جێگری کومیتەی ناوەنـدی بەشـداری ئـەو کۆڕەیان کرد.
هەر بەبۆنەی کۆچی ناوەختی کاك عوسمـان ڕەحیمی بـەڕێز کـاك بابەشـێخی حـسینی، ووتارێکی پێشکەش بە ئامـادەبوان کـرد و سەرەخۆشی پێشکەش بە حیزبی دیمـوکراتی کوردستان و خانەوادەی کاك عوسمان کرد.
دەبیرخانەی ناوەندیی سازمانی خەبات
٢٢ی خەمانانی ١٣٨٦کۆچی خۆری ١٣ی سپتامبر٢٠٠٧

## ئەحمەدی نژاد لە دانشگای کۆلۆمبیا قسەی کرد

ڕۆژی دووشەممە ٢ی ڕەزبەر ئەحمەدی نژاد لە دانشگای کۆلۆمبیـای ئـەمریکا قـسەی کرد کە بووە هۆی گاڵتە پێکردنی سەرۆکی دانـشگا و دانـشجوەکان. سـەرۆکی ئـەو دانشگایە ئەحمەدی نژادی بە دیکتاتۆری بچووك و دڵڕەق ناوهێنا.
لی بۆلینگر سەرۆکی دانشگای کۆلۆمبیا، لە ووتەکانی خۆیدا بە ئاماژە بـەوەی کـە ئەحمەدی نژاد کارەساتی هۆلۆکاست بە ناراست دەزانێ، ووتی کەسێك ئەو قسانە بکا، یان کەسێکی ئاژاوەگێڕ و بێشەرمە، یان کەسـێکە کـە زانیـاریی نیـە. لـە دواییـدا بولینگر سەرۆکی دانشگا، بەتوندی ڕەخنەی لە هەل و مەرجی مافی مرۆڤ لـەئێران و لە بیروبۆچوونەکانی ئەحمەدی نژاد گرت و داوای کرد ئەحمەدی نژاد وەڵامیان بداتەوە.
پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ ووتەکانی ئەحمەدی نژاد بووە هـۆی ئابرۆچـوونی زیـاتری ڕژیم لەلای خەڵکی ئەمریکا و خوێندکارانی دانشگای کۆلۆمبیا.

## داوای دەر کردنی حوکمی ئیعدام بۆ ١٧ کەسی دیکە

ڕۆژی چوارشەممە ٢٨ی خەرمانان، قازی "حەسەنی حەداد" جێگری ئەمنیەتی دادستانی گشتی تاران رایگەیاند کە داوای دەر کردنی حـوکمی ئیعـدامی بـۆ ١٧ کەس لەو کەسانەی کە لە تەرحی بە نـاو "ئـەرازل و ئـەوباش" گـیراون، کردوە. ئەو کاربەدەستە قەزاییەی ڕژیم لە وتووێژ لەگەل هەوالنێران وتـی: بـۆ ٣٠ کەس لە گیراوەکان حوکمی کەیفەری دەر کراوە و بۆ ١٧ کـەس لـەوانیش داوای سزادانی سەخت کراوە. جێگای باسە کە ڕژیمی ئاخوندی لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا هەزاران کەسی لە شارەکانی ئێران لە ژێـر نـاوی "ئـەرازل و ئەوباش" گرتوە و دەیان کەسیشی هەر بەم ناوەوە ئیعدام کردوە.

***

## فڕۆکەخانەیەك لە سەقز دروست دەکرێت

فڕۆکەخانەی شاری سـەقز لـە پارێزگـای کوردستان دەستی پێکرد، لەم بارەیـەوە سەرچـاوەیەکی ئاگـادار بـە ئاژانـسی هەواڵی پەیامنێر ی ڕاگەیاند: پلانی جێ بە جێ کردنی فڕۆکەخانەی شاری سـەقز لەدوو قۆناغدا بەڕێوە دەچێت، لەقۆناغی یەکەمدا بەشی فڕین، جادەی پاراسـتن و دیوارکێـشان، بـەپێی کـاتی دیـاریکراو لەماوەی دوو ساڵدا تەواودەبێت.
هـەروەها گـوتی: لـەقۆناغی دووەمـی پلانەکەدا کە دوای قۆناغی یەکەم دەست پێدەکرێت، چەند بەشێکی دیکـەی ئـەم فڕۆکەخانەیە ئامـادە دەکرێـت، لەوانـە: باڵەخانـەی کـارگێڕی، تـەکنیککاری بلاك،بـورجی ئاگـالێبوون و هـەروەها کەرەستە تەکنیکی و ئەمنیەکان دروست دەکـرێن. سەرچـاوەکە لـە درێـژەی قسەکانیدا ئاماژەیدا کە بڕی ٣٥ ملیۆن دۆلاری ئەمـەریکی بـۆ پلانـی دروستکردنی فڕۆکەخانەی سەقز تەرخان کراوە. هـەروەها ئەوەشـی ڕوونکـردەوە کەفڕۆکەخانەی شاری سەقز لە زەوییەکدا بـە پانتـایی ١٧٥ هیکتـار دروسـت دەکرێت، هەروەها شوینی فرینەکەی بـە درێـژایی ٢هــەزار و ٢٥٠مــەترە و پانایيەکی٣٥ مەتری بۆ دیاری کراوە کە بۆ نیشتنەوەی فڕۆکەی فـۆکێری٢٨ 72 ytr گونجاوە.
سەرچـاوەکە لـە کۆتاییـدا گـوتی: لـە پلانەکـەدا بـۆ زیـادکردنی درێـژایی فڕۆکەخانەی سەقز تا درێژایی ٣هەزار و ٢٥٠مەتر جێگای بۆ دانراوە بۆ ئـەوەی کـە فڕۆکـەی فـۆکێری ١٠٠ و ئێرباسی٣٠٠ توانایی نیشتنەوەیان لـەم فڕۆکەخانەیـە هـەبێت. دروسـتکردنی فڕۆکەخانەی شاری سـەقز لـە چـەندین لایەنـەوە گرنگـی تایبـەتی هەیە،کـە یەکێك لەوانە نزیکبوونی ئەم شارەیە بە شارەکانی بۆکان، بانە سائین قەڵا،بیجار، دیوانـدەرە، تیکـاب، سەردەشـت و هاولاتییان و دانیشتووانی ئـەم شـارانەو گوندەکانی سەر بەوان دەتـوانن سـوودی لێوەربگرن.

***

## بەشداری کۆمیتەی کانادای سازمانی خەبات لە ڕێ و ڕەسمی ٢٥ی گەلاوێژ

ڕۆژی ٢ی سـپتامبری ٢٠٠٧ کۆمیتـەی کانـادای سـازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لـە سـەر بانگهێـشتی کۆمیتـەی کانـادای حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان، بەشداری کرد لـە ڕێ و ڕەسمی، ٢٥ی گەلاوێژ ٦٢ مین سـالڕۆژی دامـەزرانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان کـە لـە ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوە چوو.
لەو مەراسمەدا چەندین بروسکەی هێـز و لایەنـە کوردسـتانیەکان خوێنرایەوە کە خوشکە نیهایەت شـەرێعەت پـەناە پـەیامی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانی پـێش کـەش بـە ئامـادە بووانی ئەو ڕێ و ڕەسمە کرد.

# هەواڵەکانی کوردستان

## کوژرانی کەسێك بە دەستی هێزەکانی ڕژیم لە پیرانشار

ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممە٢٧ی خـەرمانان خـدری خـدری کوڕی ڕەشـیدی مـام سـلیمان خـەڵکی ئـاوایی زێـوەی سەربە پیرانشار لـە سـنوری نێـوان پیرانـشار و حـاجی ئۆمەران دەکەوێتە بەر دەسترێژی بـەر دەسـترێژی هێـزە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی ئاخوندی و لە ئاکـام دا گیـان لە دەست دەدا. ناوبراو کۆڵبەر بووە و بۆ پەیـدا کردنـی بژێوی ماڵ و منداڵ و بەمەبەستی کاسپی کـردن چۆتە سنووری حاجی ئۆمەران.

***

## ١٤ کەس لە شاری بۆکان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە گیراون

بـە تـاوانی کوشـتنی کەسـێك کـە مـەوادی موخـەدیری دەفرۆشت، ڕۆژی چوارشەممە ١٤ کـەس لـە شـاری بۆکـان لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕژیمەوە گیراون.
ماوەیێکە لە شارەکانی مەهاباد، نەغەدە و بۆکان و چەند شارێکی دیکەی کوردستانی ئێران، چەند کـەس لەوانـەی کـە مـەوادی موخـەدیرە فرۆشـن، لەلایـەن کەسـانی نەناسـراوەوە کـوژراون. دواجـار لـە حـەوتووی ڕابـردوودا کەسێك بە ناوی ئازاد ستایش لە کولتەپەی بۆکان کوژرا و بە دوای ئەوەدا، هێزەکانی ڕژیم ١٤ کەسیان بـە تـاوانی کوشتنی ئازاد و مەواد فرۆشەکانی دیکە گرت.

***

## کوشتنی ژنێکی ١٤ ساڵ لە مەریوان

بە پێ ئەم هەواڵێك گیشتوو لـە شـاری "مـەریوان"ەوە، ژنێکی ١٤ ساڵ بە ناوی "دلنیا کەریمی" بە شـێوەیەکی دڵ تەزێن لە لایەن هاوسەرەکەیەو کوژرا.
ناوبراو دانیشتووی ئاوایی "سپی بن"ی "مەریوان"ە کە لـە لایەن بنەماڵەکەیەوە ناچار بە شوو کردن کرابوو، کە پاش ٣ مانگ ژیـانی زۆرەملـی و دەگەڕێتـەوە بـۆ مـاڵی بـاوکی. هاوسەری "دڵنیا" شەوی ٢٦ی خـەرمانان لـە دەرفەتێکـدا خۆی دەگەیەنێتە ماڵی باوکی "دڵنیا"بە شێوەیەکی دلتەزێن دەیکوژێت و پاشان هەڵدێت٠

***

## خۆکوژی ژن و کچێکی لاو لە ئاواییەکانانی شاری "بانە"

بە پێی ئەم هەوالانەی کە لە شاری "بانە"وە بـە دەسـتمان گەیشتووە، ژنێکی ٢٢ ساڵە بە ناوی "سنوور" دانیـشتووی ئاوایی "کەندەسوور" لە شـاری "بانـە" بـە هـۆی کێـشەی بنەمالیـەوە خـۆی سـوتاند و دوای گواسـتنەوەی بـۆ نەخوشخانەی تەوحیدی لە شاری "سنە" بـە هـۆی سـەختی برینەکانیەوە کۆچی دوایی کرد. هەروەها کچێکی ١٥ ساڵە بە ناوی "بەهیە ڕەنجبەری" دانیشتووی ئاوایی ووشـکە دەرە خـۆی کوشـتوە. نـاوبراو ڕۆژی دووشـەممە ٢٦ی خـەرمانان خوکوژی کردوەو، بەلام هوکـاری ئـەم خوکوژیـە تـا ئێـستا نادیارە.

***

## گرتنی سەدان لاو لە شارە جۆرا و جۆرەکانی ئێران

مەئمورانی ئنتـیزامی ڕژیمی ئاخوندی لـە درێـژەی کـردەوە سەر کوتگەرانەکانیان لە ماوەی ڕۆژانی رابـردوودا، سـەردان لاویان لە شارە جۆرا و جۆرەکانی ئێران لە ژێر ناوی "ئەرازل و ئەوباش" گرتوە. مەئمورانی ئنتـیزامی ڕژیمـی ئاخونـدی ١١٤ کەسیان لە ئوسـتانی "بوشـێهر" گرتـوە و ڕەوانـەی زیندان کردوە.
ڕۆژی چوارشـەممە ٢٨ی خـەرمانانیش لـە شـارەکانی "مـەشهەد" و "وەرامین" و " بەندەر تورکەمـەن" و شـاری "بەرخوار" و مەیمە لە ئوستانی ئیـسفەهان ٢٤ لاویـان لـە ژێر ناوی "ئەرازل و ئەوباش" گرتوە.

***

## دوایین هەوالەکان لە بارودۆخی ٢ خوێندکاری زیندانی لە شاری سنە

"سەباحی نەسری" و "هیدایەتی غـەزالی" ٢ خوێنـدکاری زینـدانی لـە ڕۆژانـی ڕابـردوو دا لـە زینـدانی ئیـدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە بـۆ زینـدانی ناوەنـدی ئـەم شـارە ڕەوانە کراون.
"هیدایـەتی غـەزالی" خوێنـدکاری بـواری دەرون ناسـی زانکـۆی تەباتـەبایی و "سـەباحی نەسـری" خوێنـدکاری کارناسی ئەرشەدی علوومی سیاسی لە زانستگەی حقـوقی زانکۆی تاران و لە بەڕێوە بـەرانی ڕۆژنامـەی خوێنـدکاری "ڕۆژامە"، چەند مانگ لەمەوبەر لە لایـەن مـەئموورانی ئەمنیەتی ڕژیمی ئێرانەوە گیران. ناوبراوان کە لە نارەزایەتی بە چارەنووسی خۆیـان لـە زینـدانی ئیدارەی ئیتلاعـات مانیان لە خواردن گرتبوو، پاش گواستنەوەیان بۆ زینـدانی ناوەندی شاری سنە و چاوپێکەوتن لەگـەل بنەمالـەکانیان، کۆتاییان بە مانگرتنەکەی خۆیان هێنا.
جێگای باسە تا ئێستا هۆکاری گرتن و تۆمەتەکانی ئەم ٢ خوێنـدکارە لـە لایـەن کاربەدەسـتانی دەولەتیـەوە ڕانەگەیەنراوە.

***

## کوژرانی هاولاتیەك بە هۆی دەسرێژی مەئمورانی ڕژیمی ئاخوندی لە شاری سنە

لە ماوەی رابردودا و بە هـۆی تەقـەی مـەئمورانی ڕژیمـی ئاخوندی لە شاری سـنە، هاولاتیـەك بـە نـاوی "ئیرەجـی سەجادی" گیانی لە دەست دا.دەوترێ کە نـاوبراو شـەوێك لە لە رێگای گەرانەوە بۆ مالەکەی بە هۆی سەرنج نەدان بە ئیستی مەئموران لـە نزیـك مالەکـەی دەکەوێتـە بـەر دەسرێژ و بریندار دەبێت و بەلام بە هۆی کـاری برینەکـەی گیانی لە دەست دا.

***

## لە سەقز پێش بە کڕین و فرۆشتنی مادەی سڕکەری کڕاك (کریستاڵ) ناگیرێ

ماوەییکە سڕکەری کڕاك بە شێوەییێکی بەربلاو لە شاری سەقزدا و بە نزخێکی هەرزان دەفرۆشرێ.
جێگەی باسە ئەو مادە شیمیایە و بە دوو شێوازی حەب و تەزریق کردن بە کار دەهێنرێ، ئەو کەسانەی کڕاك بـە کار دەهێنن، ماوەیێـك پـێش مـردن پێـست و گۆشـتی لەشـیان هەڵـدەوەرێ، هـەر بۆیـە مـردوو شـۆرەکان و نەخۆشخانەکان و مزگەوتەکان ناتوانن ئەو کەسانەی بـەو مادیە مردوون لای خۆیان گل دەنەوە و بیان شۆن.

## ئێران مووشەکی زەوی بۆ ئاسمان بەشێوەی قاچاخ دەنێرێتە عێراق

ئەرتەشی ئەمریکا لە عێراق لەڕاگەیاندنێکی تایبەت دا ئێرانی بەوە تاوان بارکرد کە مووشەکی زەوی بۆ ئاسمـان و چـەند شـێوە چـەکی پێشکەوتووی دیکە لەڕێگـەی قاچـاخەوە دەنێرێتـە عێراقـەو. ئـەو ڕاگەیەندراوە لە کاتێکدا بلاوکرایەوە کە بەرپرسـانی عێراقـی ڕۆژی یەکشەممە، دەستگیرکردنی ئێرانیێکیان لەشـاری سلێمانی مـەحکوم کردبوو و دەلێن کە ئەوکەسەی گـیراوە بـۆ کـاری تیجـاری هاتۆتـە عێراقەوە. مارك فاکس، وتەبێـژی ئەرتەشـی ئـەمریکا لـە عێـراق دەڵێ: هێزەکانی ئەمریکا لە گەڕان بەدوای چەکی ئێرانی بەتایبـەت مووشەکی(میثاق يك)کە مووشەکێکە کە لـەزەوی بـۆ ئاسمـان دەی هاوێژن. بەپێی قسەی نـاوبراو، ئـەوجۆرە مووشـەکە بـە سیـستمی ڕێنوێنی کردنی تیشکی سوور (مادوون قرمز) دەی هاوێژن.
ئەوجۆرە چەکانەی کە دروست کراوی ئێرانن و ئەرتەشی ئەمریکا لە عێـراق دەسـتی بەسـەردا گرتـوون، ئـارپی جـی٢٩، ئـارپی جـی ٢٤٠میلی میتری و بۆمبە بەهێزەکانی قەراخی ڕێگایەکە لەوانە بە ئامانجی لێدانی هێزەکانی ئەمریکا لـە عێـراق بـەکاردێنن. بـەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئاسۆ شیتدپریس، ڕۆژی یەکـشەممە سـەربازێکی ئـەمریکایی بـەهۆی تەقینـەوەی بـۆمبێکی قـەراخ جـادەیی لـە ڕۆژهەلاتی بەغدا کوژراو سەربازێکی دیکەش برینـداربوو. هەرلـەم مانگەدا، ئارپی جی ێیکی٢٤٠ میلی میتری درابە بنکە ئەرتەشـی ئەمریکا کەبووە هۆی کـوژرانی یـەك کـەس و برینـدار بـوونی ١١ کەسی دیکە. ئەرتەشی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئـەو مووشـەکە لـە ڕۆژئاوای بەغداوە کە ژێر دەسەلاتی تاقمە چـەکدارەکانی شـێعەیە، هاوێژراوە. ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، هێزەکانی ئەمریکا بەهێرش کردنە سەر هوتێل پالاس لەساری سلێمانی ئێرانیێکیان دەست بەسەر کرد کە دەگوترێ سەربە هێزی قودسی سوپای پاسدارانە. بەرپرسانی ئـەملایکایی نـاوی ئەوکەسـەیان محمـودی فـەرهادی ڕاگەیانـدووە.
لەبەرانبەر دەست بەسەرکردنی ئەو ئێرانیە نـووری مـالکی سـەرۆك وەزیری عێراق دژی کردەوەی توندی بـووە ووتـی: دەولـەتی عێـراق دەولەتێکی هەلبژێردراوە و کاتێك ویـزا بەکەسـێك دەدا لەبەرانبـەر ئەودا بەرپرسە. نـاوبراو دەسـت بەسـەرکرانی ئـەو ئێرانیـە قـەبوول نـاکرێ. جـەلال تالـەبانی سـەرۆك کۆمـاری عێـراقیش خوازیـاری ئازادکردنی ئەو ئێرانیە بوو. ئێران زۆرجـار تۆمەتـەکانی ئـەمریکا لەسەرئەوەی کە چەك دەداتە چەکدارە ئاژاوەگێڕەکان، تەدریبیان پێ دەدا ڕەد کردۆتەوە. ڕۆژی یەکشەممە لەووتووێژێکـدا ئەحمـەدی نـژاد سەرۆك کۆماری ڕژیمی ئێران کەلە کانالی تەلویزیونی بـی بـی سـی بلاوکرایەوە جارێکی دیکە ئەو تۆمەتانەی ئەکریکای ڕەدکردەوە.